# فڵچە و قوماش و پەنیر: هەنگاونان بۆ داهاتوویەکی گەشتر بۆ ژنانی عێراق

سەحەر سەفووری: بەرپرسی پەیوەندییەکان

لەپاڵ کەمی دەستڕاگەیشتن بە دەرفەت و هەبوونی فشارە کۆمەڵایەتییەکان، ژنانی عێراق لە کار و بزنسەکانیان دا ڕووبەڕووی چەندان ئاستەنگ دەبنەوە. بەڵام بە ژنانی خاوەن ئیرادە ناسراون و هەر ئەم خواستە خۆڕاگیرییەی زاڵبوون بەسەر بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان چیرۆکی سێ ژن بەیەکەوە دەبەستێتەوە کە هەنگاوی گەورە لە کار و پیشەیەکدا دەنێن کە لە داب نەریتیاندا تەنیا پیاوان ئەنجامیانداون.

بە هەوڵدان بۆ بنیادنانی داهاتوویەکی باشتر و دەرفەتی یەکسانتر، نەک تەنیا بۆ خۆیان، بەڵکو بۆ کۆمەڵگەکانیشیان، بەیان و ئالا و سەلوە بۆ زۆرێک لە ژنان و کچانی عێراق بوونەتە پاڵەوانی نیشتمانی.

## بەیان مەجید: چیرۆکی سارێژبوون و هیوا

بەیان مەجید  بە شانازی و بە متمانە بەخۆبوونەوە وەستاوە بە ڕەنگە ئاڵ و واڵاکان دیواری گەلەرییە هونەرییەکەی لە سلێمانی ڕازاندۆتەوە. شوێنێک کە ناسنامەی فرەلایەنەی خۆی تیادا بەرجەستە دەکات – نیگارکێش، چالاکوان و دایکی سێ منداڵ. لە ساڵی ٢٠١٦ لە گەرمەی شەڕی داعش گەلەرییەکەی کردەوە. لەناو ئەو گێژاو و نائومێدییەی عێراقدا، گەلەرییەکە وەک ناوەندێکی حەسانەوە و پشوودانە، کە سەردانکەران دەیانتوانی سەیری کارە هونەرییەکان بکەن و بەشداری خولەکان بکەن.

بەیان پێی وایە " هونەر هەر تەنیا جۆرێک لە دەربڕینی خود نییە، بەڵکو ئامازێکیشە بۆ پاککردنەوەی ڕوح و ڕزگاربوون ڕەواندنەوەی ئازارەکان" ئەم دیدەش وایکرد کە بەیان دەستبکات بە فێریکردنی هونەری وێنەکێشان بە هاوڵاتیانی کەمدەرامەت. ناوبراو بە زەردەخەنەیەکەوە، کە گوزارشتی لە شانازی بەخۆبوونەوە دەکرد لە هاندانی داهێنانکردن، دەڵێ " من تەنیا هونەر ناکەم، هونەرمەندیش پێدەگەیێنم."

لە ڕێگەی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF)ی ڕێکخراوی IOM-ەوە، بەیان هاوکاری دارایی وەرگرت و توانی کارەکەی لە کارێکی ماڵەوە بۆ کردنەوەی گەلەرییەکی کافێی گەورەتر بگوازێتەوە. هەروەها ئامێرێکی کۆپیکردنی وێنەکان چەند ئامێرێکی دیکەی کڕی، ئەمەش وایلێکرد کە بتوانی چاپی دیجیتاڵی تابلۆکانی بکات و بیانخاتە بازاڕەوە بۆ فرۆشتن، کە ئەمەش زیاتر دەستیکردەوە لە دەستەبەرکردنی سەرچاوەیەکی دارایی جێگیر. هەروەها بەپێدانی ئەم پاڵپشتییە داراییە توانی چوار کەسی دیکە لە گەلەری کافێیەکەیدا بخاتە سەرکار.



بەیان لە گەلەرییە کافێیەکی خۆی دا لە سلێمانی، شوباتی ٢٠٢٤. وێنە: سیڤان عبدولغفار - ڕێکخراوی IOM ٢٠٢٤

## ئالا عادل : گۆڕان لەبیر و دروستکردنی جیاوازی لە کاردا

بەدرێژای شەقامە قەرەباڵغەکانی بەری کەڕادەی شاری بەغدا، چیرۆکێکی دیکەی ناوازەی خۆڕاگری و داهێنان دێتە ئاراوە. ئالا عادل لەکار و پیشەیەک ناوبانگی بۆخۆی دروستکردووە کە لە عێراقدا بەزۆری پیاوان تیایدا باڵا دەستن: دیزاینی جلوبەرگ.

ساڵانێک پێش ئەوەی کاری دیزاینی جلوبەرگ بکات، ئالا چەندان کاری دیکەی جۆراوجۆری هەبوو – وەک پیشەی مامۆستابوو لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی بەغدا. بەڵام خولیای گۆڕانکاری و ئەنجامدانی کاری داهێنەرانە و هەبوونی کاری خۆی بوو، هاوکات پاڵپشتی هاوسەر و منداڵەکانی هانیانیان دا بۆ ئەوەی لە ساڵی ٢٠٢٢دا سنووره ئاشنا و باوەکانی بواری ئەکادیمیا بەجێبهێڵێت. بەدەستنیشانکردنی بژاردە دیاریکراو کەمەکانی کاری دیزانی جلوبەرگ و فاشیۆن لە ناوخۆدا، کە بەزۆری پشت بە هاوردەکردنی جلوبەرگ دەبەستێت، ئالا شوێنێکی تایبەت بەخۆی بۆ دیزاینکردنی جلوبەرگی خۆماڵی لە شاری بەغدا دانا و براندی تایبەت بە خۆی بەناوی (Iraq Couture) خستە بازاڕەوە.

پێدانی هاوکاری دارایی لەلایەن سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF)ی رێکخراوی IOM یارمەتی ئالای دا لە فراوانکردنی کارەکانی بە کڕینی ئامێری نوێی دروومن، قوماش، کەرەستەی پاکەتکردن، مۆبیلیات بۆ شوێنەکەی، و بۆ دامەزراندنی هاوبەشی نوێی بازرگانی و خستنەسەرکاری پێنج کارمەندیش.

شێوازە کارکردنە داهێنەرەکەی ئالا، کە هەموو شتێک هەر لە بەرهەمهێنانەوە تا وێنەگرتن لەناو شوێنەی ناوازەکەی دایە، کارەکەی ئالا جیای دەکاتەوە لە کارگە تەقلیدییەکانی دروومن. مۆدێلی کارکردنەکەی نەک هەر ئیلهامبەخشە بۆ ژنانی دیکەی

خاوەنکار، بەڵکو ژینگەیەکی لەباریش بۆ ژنانی گەنجی دیزاینەر دەڕەخسێنێت، ڕێڕە و ڕەوتی گێڕانەوەی چیرۆکی ژنانی خاوەنکار لە بەغدا ئاوەژۆ دەکات و دەگۆڕێت.



ئالا لە شوێنی کارەکەی خۆیدا لە شاری بەغدا، شوباتی ٢٠٢٤. وێنە: سەحەر سەفووری - ڕێکخراوی IOM ٢٠٢٤

## سەلوە ئەحمەد: هەبوونی خەون و خولیا

لەودیوی قەرەباڵغی و جەنجاڵی شاری بەغدا، دەشتە بەپیت و کۆمەڵگە گوندنشینەکانی لەتیفیە هەڵکەوتوون. شوێنێک، کە تیایدا سەلوە ئەحمەد بە کاری ئاژەڵداری خێزانەکەی بەخێودەکات – کارێک، کە بەشێوەیەکی نەریتی لە لایەن پیاوانەوە دەکرێت لە عێراق دا.

تەنانەت لە منداڵیدا، سەلوە خزایە نێو ژیان و کاری کشتوکاڵی. بە هاندان و پاڵپشتی خێزانەکەی، سەلوە بە کارێکی بچووک دەستیپێکرد و داهاتەکەی بۆ فراوانکردنی کارەکە بەکاردەهێنا.

ناوبراو دەڵێ "هەرکاتێک برێک پارەم پاشەکەوتکردبووایە، مەڕی دیکەم پێدەکڕی"، بەهۆی خۆتەرخانکردنی بۆ کارەکەی، ژمارەی سەر مەڕەکانی زیادیان کردوو و بوون بە ٣٥ سەر مەڕ، ئەمەش وایکرد بتوانێت لە ڕێگەی فرۆشتنی خوریەکان و بەرهەمە شیرەمەنییەکانیان و بازرگانیکردن بە مەڕەکانەوە، داهات پەیدا بکات و بۆ ژنانی دیکەی کۆمەڵگەکەشی ببێتە نموونەیەک.

گەشتەکەی سەلوە تەنیا بەرەوپێشچوونی ژیانی کەسێک نییە، بەڵکو ڕۆڵگێڕانە لە دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆ خێزانەکێک. ئەو بەهەستێکی پڕ لە شانازییەوە دەڵێت: "هەموو خەرجییەکانی خێزانەکەم لەم کارە دابینەکەم".

سەلوە لەلایەن پرۆگرامی هاوکاری بژێوی ژیان پەیداکردنی تاک (ILA)ی ڕێکخراوی IOM-ەوە هاوکاری دارایی پێدرا، کە یارمەتی دا لە فراوانکردنی کارەکەی، کڕینی سەر مەڕی دیکە و کەرەستەی دیکە بۆ کارەکەی.



سەلوە لە کێڵگەی لادێیەکەی خۆیان لە دەوروبەری شاری بەغدا، شوباتی ٢٠٢٤. وێنە: سەحەر سەفووری - ڕێکخراوی IOM ٢٠٢٤

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پرۆگرامێکی تازەگەرانەیە و پاڵپشتی کاروکاسبی بژێوی ژیان دەکات لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، ئەمەش لەڕێگەی وەرگەڕخستنەوەی کەرتی تایبەت و گەشەپێدانی ئابوری بە بەئامانجگرتنی پرۆژە و کار و بزنسە بچووک و مامناوەندەکان (SMEs) لە عێراق دا.

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF) سەرمایەی دارایی بۆ پرۆژە و کار و بزنسە بچووک و مامناوەندە سەرەکی و لاوەکی و ئەوانەشی لە ئاستی سێیەمن لە کەرتە ئابورییەکان دابیندەکات، جەختیشی لەسەر ڕەخساندنی هەلی کار و ڕۆڵبینینە لە بوژانەوەی ئابوری لە قۆناغی دوای شەڕ و ململانێیەکان دا. سندوقی EDF پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی فرە قۆناغ بەکاردەهێنێت کە تێیدا کار و بزنسەکان بە پێوەرێکی نمرە پێدان تایبەتمەند دا دەڕۆن، پاشانیش بە پرۆسەیەکی ووردی هەڵبژاردن تێدەپەڕن. پرۆسەی هەڵبژاردن لەلایەن ئەم سندوقەوە بە جۆرێکە کە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارو دۆخی جیاواز دارێژراوە بە ڕەچاوکردنی ژینگە و چوارچێوە و تایبەتمەندییەکانی هەموو کار و بزنسەکانی نێو کەرتە جیاوازەکانەوە. هەروەها پرۆگرامی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی ئافرەتان (EDF-W) هاوکاری ماددی دەبەخشێتە ئەو کار و بزنسانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە خاوەنداریەتی دەکرێن یان کارمەند و ستافەکانیان ئافرەتن، ئەمەش بۆ زیاتر بەشدارییپێکردنی ئافرەتانی خاوەنکار و هاندانی ئافرەتان بۆ بەشداریکردن لە کەرتی تایبەت و بازاڕی کاردا. دوو لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم سندوقەش پاڵپشتیکردنی

فراوانکردنی کار و بزنسەکانی ئافرەتانە لەڕێگەی کارئاسانیکردنی دەستگەیشتن بە سەرمای دارایی، هەروەها پاڵپشتیکردنە لەو ئافرەتە کارخوازانەی کە دەیانەوێ بێنە ناو بازاڕی کار بەڵام ڕەنگە ڕووبەڕووی بەربەستی کلتووری و ئابوری و کۆمەڵایەتی ببنەوە.

**پرۆگرامی هاوکاری بژێوی ژیان پەیداکردنی تاک (ILA)** دەستپێشخەرییەکی دیکەی ڕێکخراوی IOM-ە لەعێراق. بە تایبەتی بۆ بەهێزکردنی خێزانە کەمدەرامەتەکان بۆ دەستخستنی سەقامگیری ئابوری و پەیداکردنی بژێویەکی بەردەوام. ئەم پرۆگرامە ڕێبازێکی تایبەتی بۆ دارێژراوە، کە تیایدا هاوڵاتیان ئەو لێهاتوویی و سەرچاوانەی کە پێویستیانە بۆ سەرکەوتن بۆیان دابیندەکات. ئەمەش بریتییە لە ڕاهێنانی پیشەیی، پێدانی پارە بە کاش بە کار و بزنس و بچووکەکان، جا ئەوانەی تازەن یان لە کاردان، هەروەها پاڵپشتیکردنی لە پەرەپێدانی شارەزایی و لێهاتوویان لە بە بازاڕکردن دا. بە پێدانی زانیاری ئامرازی پێویست بەوکەسانە، پرۆگرامی ILA توانایان پێدەبەخشێت نەک تەنیا داهات پەیدا بکەن بەڵکو خۆڕاگری و سەربەخۆیی بەدەستبخەن.

چیرۆکەکانی بەیان و ئالا و سەلوە زۆر لەیەک جیاوازن، بەڵام تارێکی هاوبەش بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە: ئەم سێ ژنە وێنەیەکی ناوازە لە بەهێزکردنی ئابوری ژنان لە عێراقدا دەنەخشێنن. ئیلهام ئومێد و خۆڕاگری بەنەوەیەک دەبەخشن تا خەونی گەورەتر ببینن و داهاتوویەکی گەشتر بۆ خۆیان و خێزان و کۆمەڵگەکانیان بنیادبنێن.

ئەم چالاکیانەش بە پاڵپشتی بەخشندانەی ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی (KOICA)-ی کۆریا، و حکومەتی ئەڵمانیا لە ڕێگەی KfWوە ئەنجامدەدرێن.